# سەرنجێک لەسەر ڕستەی (بۆمی نووسی.)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

چوارشەممە (٦-٣-٢٠٢٤.)

بەڕێزێک ئەم پرسیارەی خوارەوەی بۆ ناردووم و داوای ڕای منی کردبوو، منیش بەم شێوەیە وەڵامم داوەتەوە، کە لە خوارەوە دەیخەمە ڕوو:

پرسیارەکەی: لە ڕستەی (بۆمی نووسی.)، ئایا (بەرکار) دەرنەکەوتووە، یان لابراوە؟

وەڵام و ڕای منیش بەم شێوەیەیە:

ڕستەی (بۆمی نووسی.)، واتە (ئەو بۆ منی نووسی.)

(م): لە کۆمەڵەی یەکەمە و تەواوکەری بەیاریدەیە.

(ی): لە کۆمەڵەی یەکەمە و بکەرە.

(بەرکار): ؟

(بەرکار) لە دوو حاڵەتدا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەرناکەوێت، هەردوو حاڵەتەکەش لە (ڕابردووی تێپەڕ)دایە، واتە سفر (Ø)ە، یان دەبێت بە سفر (Ø)، لەم حاڵەتەدا بەرکار بە جێناوی لکاو جێگیر کراوە، بەڵام چونکە جێناوە لکاوەکە یان خۆی سفرە، یان دەبێت بە سفر، بۆیە دەرناکەوێت و نایبینین.

حاڵەتی یەکەم: ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک (ی) لە کۆمەڵەی یەکەم لە دەوری (بەرکار) دەرناکەوێت و دەبێت بە سفر (Ø)، ئەمەش بۆ ئاسانکردنی دەربڕین، هەرچەندە هێماشی هەیە. لێرە هەمیشە دەکەوێتە پێش جێناوی لکاوی بکەر لە هەر شوێنێکدا بن.

نم/ هەڵـــــیـــــمانــبژارد. ← هەڵــــØـمانــبژارد.

**حاڵەتی دووەم: ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک (Ø) لە کۆمەڵەی دووەم لە دەوری (بەرکار) هەمیشە سفرە (Ø) و دەرناکەوێت، چونکە خۆی هێمای نییە. لێرە هەمیشە دەکەوێتە کۆتاییی کارە ڕابردووە تێپەڕەکەوە، یان دوای جێناوی لکاوی بکەر، کە هەر دوای کارەکە دەکات پێکەوە.**

**نم/ هەڵـــــمانـــبژاردØ.**

**نم/ ناردØی.**

**نم/ ناردمانØ.**

**با بگەڕێینەوە بۆ ڕستەی پرسیارەکە:**

**(بۆمی نووسی.)، بەرکار دەگەڕێنینەوە بۆ ناو ڕستەکە بۆ نموونە وشەی (نامەکە)یە، دەبێت بە:**

**یەکەم: (نامەکەی بۆم نووسی.)**

**لێرە دەمانەوێت بەرکار بە جێناوی لکاو جێگیر بکەین، بەم شێوەیە دەبێت:**

**١- (نامەکە) واتە (ئەو) دەیکەین بە (ی) لە کۆمەڵەی یەکەم.**

**(نامەکەی بۆم نووسی.)**

**(ی ی بۆم نووسی.) ← نووسی + ی + ی بۆم. ← نووسی + Ø + ی بۆم. ← نووسیØی بۆم. ← نووسیی بۆم./ بۆمی نووسی.**

**لێرە بەپێی کتێبەکە (ی)ی بەرکار دەبێت بە سفر (Ø).**

**٢- (نامەکە) واتە (ئەو) دەیکەین بە (Ø) لە کۆمەڵەی دووەم.**

**(نامەکەی بۆم نووسی.)**

**(Ø ی بۆم نووسی.) ← بۆم + ی نووسی + Ø. ← بۆمی نووسیØ. ← بۆمی نووسی.**

**لێرە بەرکار خۆی سفرە (Ø).**

**لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەرکار بە جێناوی لکاو جێگیر کراوە و دەریشناکەوێت، چونکە ئەو هێمایە (Ø) نانووسرێت.**

**کەواتە ئێستا ڕستەی (بۆمی نووسی.) دروستبوو.**

م. عبداللّٰه عبدالقادر علی

دووەم: (نامەکەی بۆم نووسی.)

لێرە خۆمان بەرکار لادەبەین و نامانەوێت نە بە وشەی سەربەخۆ ، نە بە جێناوی لکاو هەبێت ، ئەو کاتە بەم شێوەیە دەبێت:

(نامەکەی بۆم نووسی.)

(× ی بۆم نووسی.) ← بۆمی نووسی.

کەواتە ئێستا لێرەش ڕستەی (بۆمی نووسی.) دروستبوو.

جا ئەمە پرسیارەکەیە ، ئێستا چۆن و بە چیدا بزانین (بۆمی نووسی.) بەرکار بە جێناو جێگیر کراوە و دەرنەکەوتووە ، یان بەرکار لابراوە؟

بە ڕای من ، لێرە هەردوو خوێندنەوەکە هەڵدەگرێت.

..................

- لە (ڕانەبردووی تێپەڕ):

چونکە تەنیا کۆمەڵەی یەکەم (م – مان ، ت – تان ، ی – یان) دەبێت بە بەرکار لەگەڵیدا ، هەمیشە دەردەکەوێت.

وەک لە ڕستەی (بۆمانی دەنووسێت.)/ (دەینووسێت بۆمان.)

لێرە بەرکار بە جێناوی لکاو جێگیر کراوە و هاتووە و نابێت بە سفر و دەرنەکەوتوو نییە.

بەڵام ئەگەر بڵێین (بۆمان دەنووسێت.)/ (دەنووسێت بۆمان.)

لێرە بەرکار لابراوە و بە جێناوی لکاو جێگیر نەکراوە.

- لە داخوازیی تێپەڕ:

چونکە تەنیا کۆمەڵەی یەکەم (م – مان ، ی – یان) دەبێت بە بەرکار لەگەڵیدا ، هەمیشە دەردەکەوێت.

وەک لە ڕستەی (بۆمانی بنووسە.)/ (بینووسە بۆمان.)

لێرە بەرکار بە جێناوی لکاو جێگیر کراوە و هاتووە و نابێت بە سفر و دەرنەکەوتوو نییە.

بەڵام ئەگەر بڵێین (بۆمان بنووسە.)/ (بنووسە بۆمان.)

لێرە بەرکار لابراوە و بە جێناوی لکاو جێگیر نەکراوە.